لاهور شێخ جەنگی داوایەک ئاراستەی لایەنە سیاسیەکان دەکات جگە لە یەکێتی و پارتی

لاهور شێخ جەنگی رایگەیاند، داوای لە هەمو ئەو هێز و لایەنە سیاسیەکانەی کە "نەچونەتە ژێر رکێفی پارتی و یەکێتی و ئەو وەهمەی دروستیان کردوە" ئەوەیە کە کاتی ئەوەیە بڕن لەژێر چەترێکدا کێبنەوە و "روبەڕوی ئەم زوڵم و نادادپەروەریە ببینەوە".

لاهور شێخ جەنگی سەرکی "بەرەی گەل"، ئەمڕۆ پێنجشەممە لەمیانی لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەنوسان لەبارەی دواخستنی هەڵبژاردن رایگەیاند، "رێککەوتن کراوە بۆ ئەم مەبەستە، هەم لەگەڵ بەغدا هەم لەگەڵ وڵاتانی ئیقلیمی بۆ ئەوەی ئەم جەوە بخولقێت بەڵام من ئاگاداری وردەکاریەکان نییم، هەڵبژاردن لە مارێ".

ئاماژەی بەوەشکرد، "دەبوایە یەکێتی خەڵك چەواشە نەکات، چونکە ئاگاداری ئەوەبوم بەشێك لە یەکێتی بەتایبەتی کاك قوباد رێکەوتنی کردوە لەگەڵ پارتی بۆ دواخستنی هەڵبژاردن، یان ئەوەیە کاك بافڵ ئاگاداری ئەو رێککەوتنە نییە کە ئەوە عەیبەیەکی گەورەیە".

لاهور شێخ جەنگی دەڵێت، "داوام لە هەمو ئەو هێز و لایەنە سیاسیەکانەی کە نەچونەتە ژێر رکێفی پارتی و یەکێتی و ئەو وەهمەی دروستیان کردوە ئەوەیە کە کاتی ئەوەیە بڕن لەژێر

چەترکدا کەببینەوە و روبەڕوی ئەم زوڵم و نادادپەروەرییە ببینەوە".